# له
# ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەوە
# بۆ
# فیدرالیی تێر و تەسەل

حەمەسەعید حەسەن

ئەوی شایەنی باسە لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا،
لە کەرکووک شتێکی وا ڕووی نەدا  شایەنی باس بێت.
مستەفا قایتەوەنی/ پەیامنێری کوردستان تیڤی

ببوورن باسی کەوش دەکەم، وەلێ کەوشی ئاسایی نا، هی هەورامی، کە تاقە کەوشە ڕاست و چەپی نەبێت، واتا هەر چۆنی لە پێ بکەیت، تاکەوتاک دەرناچێت. من پێم وابوو بەعس لە شام بێت یان لە عێراق، جیاوازیی نێوانیان وەک جیاوازیی نێوان دوو تاکی یەک جووت کەوشی هەورامی وایە، کەچی ئەو دەیگوت: بەعسی عێراق ڕاسترۆیە و هی سووریا چەپڕۆ!

من پێم وابوو، ئیسلامی سیاسی تۆندڕۆ بێت، میانڕۆ بێت یان وەکاوەخۆ ڕێ بکات، هەر لە کرۆکدا یەکێکە و هیچ جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان مەلا کرێکار، مەلا عەلی، عەلی باپیر و مەلا بەشیردا نییە و هەموویان دەرچووی هەمان قوتابخانەن، کەچی ئەو دەیگوت: ئیسلامی سیاسیی دوو جۆرە، ڕەسەن و نارەسەن!

من پێم وابوو، وەک چۆن بەراز هێلکە ناکات، بەعسیش هەرگیز دان بە مافی ڕەوای کورددا نانێت، کەچی ئەو دەیگوت: ئەو ئۆتۆنۆمییەی بەعس بە کوردی ڕەوا بینیوە،  پڕە لە کەموکووڕی، بۆیە پێویستە لە پێناوی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەدا، تا دوا گوللە بجەنگین.

پێشەوایانی گەلانی بندەستی دنیا، هەموویان خەباتیان لە پێناوی سەربەخۆییدا بووە، پێشەوایانی کورد نەبێت، خەباتیان گا بۆ لامەرکەزییە، گا بۆ ئۆتۆنۆمی، گا بۆ ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە، گا بۆ فیدرالی و گا بۆ فیدرالیی تێر و تەسەل!

یاوەر و عەللاوی خۆیان لە جێبەجێکردنی بەندی پەنجاوهەشتی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق، گێل دەکەن و ئێمەش هەر خەوی نەزۆک دەبینین. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، داخوازییەکانی کورد پشتگوێ دەخات و ئێمەش هەر گۆرانی بۆ باڵای عێراقێکی فیدراڵ دەچڕین.

نە بارودۆخی نێو شاری کەرکووک ئاسایی کراوەتەوە، نە ئەو شار، شارۆچکە و گوندانەی لە کەرکووک دابڕابوون، پێی شاد بوونەتەوە، نە مەخموور بۆ ئامێزی  هەولێر گەڕاوەتەوە، نە چارەنووسی شنگاڵ ئاشکرایە و نە داهاتووی خانەقین، کەچی ئێمەی خۆشباوەڕ، هەر بە هیوای ئەوەین، لە سایەی عێراقدا بحەسێینەوە!
جاران بە دزیی ئەدەبییان دەگوت دزیی ئەدەبی، هەنووکە پێی دەڵێن دەقئاوێزان.* جاران بە کەرکووک و خانەقینیان دەگوت ناوچەکانی بن دەستی ڕژێمی عێراق، هەنووکە پێیان دەڵێن ناوچە تازە ئازادکراوەکان! جاران بە ژێردەستیییان دەگوت ژێردەستی، هەنووکە پێی دەڵێن فیدرالی.
دەڵێن: ئەوی دەمێنێتەوە هەر وشەیە، دەڵێن وشە لە شمشێر بەهێزترە.

2004. 12. 17

*Intertextuality: تناص.